ژیانەوە

خاوەنی ئیمتیاز: راگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان

سەرنووسەر: پەیمان عیزەدین

ناونیشان: سلێمانی شەقامی سالم-سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان

تەلەفۆن (3122663-3130485) تەنیشت باخی گشتی - ژمارەی تەلەفۆن

E-mail:zhyanawa.z@hotmail (Homepage)htto:/WWW.PUK.org

ناوی ئەو نامیلکە شیعرییەیە کە خاتوو (سروە چۆلمەکی) لەم ماوەیەی رابردوودا لەبەرگێکی جواندا کە(17) شیعری لەخۆگرتووە خستیە بەردەستی خوێنەرانی. خاتوو سروە لەپێشەکی نامیلکە شیعرییەکەیدا بەخوێنەرانی دەڵێت:-

لێرەدا شیعرەکانم.. باسێکن لەو درۆیانەی حاشای لێدەکەین، لەو عەشقەی بۆی دەمرین.. لەو فرمێسکانەی وشك نابن، لەو خەمانەی حێمان ناهێڵن، لەو کۆچانەی بەزەیی نابەخشن بەڕوح.. لەو عەشقەی بێ بەزەییانە بیردەچنەوە.

دەستخۆشی لەم خاتوونە دەکەین و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.

یەکەم ژمارەی لە 1997/6/19دا دەرچووە

ژیانەوە

ساڵی پێنجەم ژمارە(93) هەینی 2002/4/15

دیدارێك لەگەڵ هونەرمەند زوهرە مەحموود

لەیلا عەلی

توانجو تەحەروشی سیکسی

هیشتا لەقۆناغی ناوەندیی بووم، وەك هەموو رۆژێك ئەو بەیانییەش سواری پاص بووم تا لەکاتی خوێدا بگەمە ناوەندییەکەمان، کە سەرکەوتم بەخیرایی چاوم بەپاصەکەدا گیرا، لەپاڵ چەند کوریکی گەنجو تەنها یەك پیرەمیرد شوینی (نەفەر)ی تر مابوو، منیش بێ یەکودوو چوومە تەنیشت پیرەمیردەکەو بێ دلەراوکێو ترس دانیشتم، ئەوەندەی پاصەکە دەستی بەجوڵەکرد، ئەو پیرەمیردەی من هیندەی هەموو دنیا هەستم بەئارامیی لەتەنیشتیەوە دەکرد، کەوتە هەلکیشانی هەناسەی قوڵو ئاخوئۆفوتوانج تیگرتنم (بیگومان بەشیوەیەك کە تەنها من هەستم پیدەکرد)، تائەو رۆژە من ئاوا راستەوخۆو والەنزیکەوە نە دەستەواژەی بەوجۆرەم بیستبوو نە حالەتی واشم بینیبوو، بۆیە ناچار لەنیوەی ریگە هاوارمکرد دابەزین هەیەو بەدنیایەك ترسەوە باقیی ریگەم بەپێ بری، ئەمە یەکەم بەزمی من وتوانجوتەحەروشی سیکسی بوو کە تائیستا لەبیرم ناچیتەوە، دەشزانم هەموو ئەو کچانەی ئیستا ئەم بابەتە دەخوێننەوە، بەزمی لەوجۆرەو رەنگە زۆر خراپتریان بەسەردا هاتبێ کە زۆریان نە رووی مەجلیسیان هەیەو نە خاوەنەکانیان جورئەتی گیرانەوەیان دەکەن.

لیرەوە، فرسەتە بپرسین لەکۆمەلگەیەکی وەك کۆمەلگەی ئیمە داخراوو پاریزراودا (تەحەروشی سیکسی و توانج) لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ تۆ بلیی، بەکارهینانی دەستەواژەی سیکسی بێ تام بەهەموو ترسو لەرزەوە چ تامیك بەخاوەنەکەی بگەیەنیت (چونکە هەموو دەزانین ئەوانەی ئەو کردەوانە دەکەن چەند ترسنۆکو چەند بەدزییەوە مومارەسەی دەکەن) یان هەلتەکاندنی بەرۆو دەستبردن بۆ لەشولاری کچۆلەیەك بێ ویستی خۆیی و لەو ناوەختەدا چ لەزەتیك دەخولقینێ وا خاوەنەکەی حورمەتو حەیاو کەرامەتی خۆی دەخاتە مەترسییەوە (چونکە ریی تیدەچیت، بەلکو زۆرجاریش رووبداوە ئەوکەسەی تووشی ئەوجۆرە کردەوانەو ئەوجۆرە پیاوانە دیت، بیدەنگ نابیتو تا بۆی بکریت کاردانەوەی توندی دەبیت، ئەوەی من دەمەویت بیلیم ئەمەیە، کردەوەیەك کە جگە لەسوکایەتی هێنان بۆ کەسێتی خاوەنەکەی هیچ سوودێکی نییە، بۆ دەبێت بمێنێ؟ بۆ دەبێت کۆمەڵگە لەسەری بێدەنگ بێتو بیشارێتەوە؟

بۆ هەوڵنەدەین، ئەو دیاردە ناشرینە کە تەنها (ژن) تیایدا قوربانییو زەرەرمەندە زەق بکەینەوەو پەردەی لەسەر لابەرین تا ریسوا بکرێت!

بەکچەکانی خۆشمان دەڵێم: چیتر نابێت ئەو دیاردەیە بەچرپە باس بکەین، چونکە ئەوەی پێویستە شەرم بکات ئەوکەسەیە کە ئەوکارە دەکات نەك ئەوکچەی ئەو کارەی بەسەرادێت، پێویستە بزانین راکردنو بێدەنگی نەك چارەسەر نییە بەڵکو هۆکارە بۆ دڕێژەدانی دیاردەکەو دوای ئێمەش کچانو ژنانی تر دەبنە قوربانیی، کاتی ئەوەش هاتووە، ئەوەندە (ئازا)بین بێ یارمەتی هیچ کەسێك ڕێگە بەکەس نەدەین توانجامان تێبگرنو سوکایەتیمان پێبکەن.

گۆرانیبێژ هەوڵی دروستکردنی خۆیان بدەنو لەو قەیدو بەندەی گوزارشی پیاوانە دەربازبنو جوانترە شیعری گۆرانیەکانیان دەرخستنی ناخی خۆیان بێت، لەگەڵ سوپاسو دەسخۆشیم بۆ ئێوە.

***بەهرەی هونەریت بۆ کەی دەگەڕێتەوەو کێ هاندەرت بووە؟**

-وەك ئەندامی خێزانێکی هونەردۆست لەمنالیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ گۆرانیدا هەبووە، بەڵام وەك گەشەپێدانی بەهرەکەم، لەگەڵ دەسپێکی خوێندنمدابوو، لەقۆناغی ناوەندیدا مامۆستا سارا هاندەرم بوو.

***لەتوان چالاکیی سەردەمی خوێندکاریو پێدەنگی ئێستاتادەڵێیت چی؟**

-سەردەمی خوێندکاریم ساکاروشیاوو لەبارتربوو بۆ زیاتر دەرکەوتنم لەجیهانی پرجۆشو خرۆشی هونەر، کارەکەم تەنها لاسایی کردنەوەو دووبارەکردنەوەی گۆرانی گۆرانیبێژانبووە کە ئەمەش بەسانایی دەکرێت، بەڵام کە باس لەبێدەنگی ئێستا دەکەیت، (لاسایی کردنەوە) هەرچەند خاڵی دەسپێکردنەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت سنووری هەبێتو دواتر هونەرمەند بەهرەو تواناکانی خۆی گەشەپێبداو دەریبخات، منیش نامەوێت دەرکەوتنم تەنها بۆ ئەوەبێت خەڵك بزانن گۆرانی دەڵێم!، دەمەوێت ناسنامەیەکی هونەریی رەسەن و نرخمەندم هەبێت، لەلایەکی ترەوە خاوەنی دوو منالم و پەروەردەکردنو بارهێنانی ئەوانیش ئەرکێکی پیرۆزی ترەو دەکرێت هۆکارێکی تری بێدەنگیم بێت، ئەمەش بەو واتایە نییە، هەرهیچم نەکردبێت، بەڵکو چاوەڕێی هەلێکی باشبووم و چەندین ئاوازو هۆنراوەم داناوە بەو ئومێدەی بەسەرکەوتوویی بیانخەمەڕوو.

***ئەو کارە هونەرییانەی بەشداریت تێداکردوون کامانەن؟**

-لەزۆربەی بۆنە نیشتمانیەکاندا بەشداریمکردووەو لەئاهەنگەکانی خوێندنگەدا چالاکیم هەبووە، وەك ئەکتەریش لەتیپی نواندنی (پێشڕەو) کارمکردووە.

***بەرهەمی تۆمارکراوت بۆ تەلەفزیۆن کامەیە؟**

-لەساڵی 1986 کە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم گۆرانیەکم بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، پارسالیش لەبەرنامەی (شارەکەم)دا بەرهەمێکم تۆمارکرد.

***دابەشبوونت لەنێوان هونەرو کاری رێکخراوەیی ژناندا چۆنە؟**

-دیارە هونەر لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیان دێتەوە، بەتایبەتی گۆرانی و مۆزیکا کە ژیان بەڕیتمو ئیقاعی خۆیان پابەندەدەکەنو مرۆ ناتوانێت دەستبەرداری بێت، کارکردنیشم لەڕاگەیاندنی ژناندا، گرفتێك نەبووە لەبەردەم هونەرەکەمدا.

***کاریگەریی نێوەندی خێزانیت لەسەر هونەرەکەت چۆنە؟**

-زۆرجاران دەرنەکەوتنم لەبواری هونەردا دەخەنە ئەستۆی هاوسەرەکەم، بەڵام بەپێچەوانەوە هاوکاریی کردووەو هانیشی داوم، بۆ نموونە لەبەرنامەی (شارەکەم) خۆی پێی گوتم و هەڵی بۆ رەخساندمو هەوڵیداوە لەڕێگەی برادەرێکی هونەرییەوە شیعری گۆرانیم بۆ بنووسێت.

لەکۆتاییدا هیوام وایە هونەرمەندان بەتایبەتی ژنانی گۆرانیبێژ هەوڵی دروستکردنی خۆیان بدەنو لەو قەیدو بەندەی گوزارشی پیاوانە دەربازبنو جوانترە شیعری گۆرانیەکانیان دەرخستنی ناخی خۆیان بێت، لەگەڵ سوپاسو دەسخۆشیم بۆ ئێوە.

چکلیت رۆل

خواردنی یەك جۆر یان دوان ناتوانێ پێداویستی تەواوی لەش بگەیەنێت، تا پارێزگاریی لەتەندروستیی مرۆڤ بکات، لەبەرئەوەی پێویستە زیاد لەچەند جۆرێك خواردن بەکاربهێنرێت تا تەواوی پێداویستی لەش بەدەست بهێنرێتو بەهایەکی خۆراکیی باشیشی هەبێت، یەکێك لەو خۆراکانە هێلکەیە کە لەزۆر خوردندا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی ئیشی هەویرو سەرچاوەیەکی گەورەش بێت لەقیتامینەتو پرۆتینەتو ئاوو چەوریی و کانزا، زۆرکەس هەن کە حەزیان لەهێلکە نییە، بۆیە دەتوانن بەشێوەیەکی بەتامو لەخواردنێکی تردا بیخۆنو هەمان بەهای خۆراکییشی هەبێت، ئەو خواردنەش چکلیت رۆل-ە

پێداویستی و چۆنیەتی دروستکردنی

1-(40) بسکیتی ئاسایی کە وشك بێت، ½ پاکەت کەرە، (3) کەوچکی چێشت کاکاو، ½ کوپ شەکر، یەك کوپ گوێزی کوردی، (3)هێلکە.

چۆنیەتی دروستکردنی

1-کەرەکە دەتوێنرێتەوە.

2-شەکرو هێلکەکە باش دەشڵەقێنرێتو کاکاوەکەشی تێدەکرێت.

3-هەمووی لەگەڵ کەرەکەدا تێکەڵاو دەکرێت.

4-گوێزو بسکیتەکە وردورد دەکرێت.

5-هەموو تێکەڵاوەکەی دەکرێت بەسەردا و باش تێکەڵاو دەکرێت.

6-دەکرێتە ناو نایلۆنی سیلۆفانو وەکو چکلیت لول دەکرێتو ئەمسەروئەوسەری دەبەسترێتو دەخرێتە (مجمدە) بەستەر، یان هەروا پێشکەشدەکرێت کە بەهایەکی خۆراکیی چاکی هەیە بەتایبەتی بۆ منالان.

ئا: سارا

رۆژی جیهانیی شانۆو خەرمانێك لەداهێنان

بۆ بەرزڕاگرتنی رۆژی جیهانیی شانۆ بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی سلێمانی بەشی سینەماوشانۆ لە 27ی مارتدا هەشتەمین فیستیڤاڵی شانۆی سلێمانی بەڕێوەبردو هونەرمەندانی شارەکانی (کەرکوك وهەولێروسلێمانی و سەقزومەریوان) لەگەڵ هونەرمەندە میوانەکانی کۆماری ئەرمەنستان، لەدنیا پاك و بێگەردەکەی شانۆوە بەخەونە رەنگاڵەییەکانیان خەرمانێك لەداهێنان و (ئایا)یەك لەجوانییان خوڵقاند، سەرلەئێوارەی لەهۆڵی رۆشنبیریی لەنێو کەشێکی پڕ لەخۆشی و بەئامادەبوونی وەزیری رۆشنبیریی و ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان لەماڵئاواییان لەهەشتەمین فیستیڤاڵدا خەڵات بەسەر سەرکەوتواندا دابەشکرا لەو نێوەندەدا کچانی بەشداربووی فیستیڤاڵ سەرکەوتنێکی بەرچاوییان بەدەستهێنا لەبواری نواندا بەم شێوەیە:- خەڵاتی یەکەمی نواندن بەخشرایە هونەرمەند (ماریام غازاریان) لەشانۆیی (هراچیك +1 -؟) کە لەدەرهێنانی (گاسپاریان) بوو وبەرهەمی هونەرمەندانی کۆماری ئەرمەنستان بوو، خەڵاتی دووەمی نواندن بەخشرایە هونەرمەند (شوعلە عەزیزی) لەشانۆیی (تاسە) لەنووسینی (نەجیبە ئەحمەد) ئامادەکردنو دەرهێنانی هونەرمەند (فەرەیدونی حامدی)و بەرهەمی کۆڕی هونەریی پوویای ئەنجومەنی شانۆی سەقزبوو شایەنی باسە کە (شوعلە عەزیزی) جگە لەم بەرهەمە پێشتر لەدوو بەرهەمی تردا بەشداریکردووە لەوانە شانۆیی (نزاکانی ئەهریمەن) کە لەیەکەمین جێژواری کوردی شاری سەقزدا نمایشکراوەو بەرهەمی دووەمی بەزمانی فارسی بووە کە تێیدا خەڵاتی ئەکتەری یەکەمی کچی بەدەستهێناوە، شوعلە ئێستا دانیشتووی شاری سەقزە.

هەروەها خەڵاتی سێیەمی نواندن بەخشرایە هونەرمەند (ماردین عەلی حەمەسالح) لەشانۆیی (رمان) کە لەدەرهێنانی (نەوزاد محەمەد)بوو وبەرهەمی گروپی شانۆی سەرچنارببوو، (ماردین عەلی) خوێندکاری قۆناغی چوارەمە لەبەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی.

جوانترین پیرۆزبایی لەم سێ خانمە دەکەینو ئومێدی بەردەواممییان بۆ دەخوازینو سڵاوو خۆشەویستیمان ئاراستەی شانۆکارانو ماندونەناسانی شانۆی کوردی دەکەین.

ئا/ ڕەزان حەمەسالح

جگە لە سەروتار، (ژیانەوە) بەرپرسیار نییە لەناوەرۆکی ئەو نووسینانەی کە بڵاودەبنەوە